# مەلای گەورە وەك خۆی لە رابردوو و ئێستادا

## مەلا عوسمان سێگردکانی

## بەشی دووەم و کۆتایی

### سێیەم: خوێندنەوەی واقیعیانەو ئەولەویەت دان بەوەی پێویستە:

گەر سەیری هەر زاناو فەیلەسوفو حەکیمێك بکەین، یان هەر گروپو حزبو ریکخراوێك، ئەوا دەبینین هەریەکە ئەولەویەت بەشتێك دەدات، یەکێك پێی باشە عەقیدە بەپێش بخرێت، ئەویتر لایەنی پەروەردەیی‌و پێگەیاندن، یەکێکی تر ئەولەویەت بە سیاسەت دەدات، بابا یەکی تر بە چاکسازی‌و کۆمەڵایەتی، ئەویتر بە بوارێکیتر، ئەمە بە موتڵەقی بۆ هەموو شوێنێك وەکو یەك ناگونجێت، لەنەختێك شوێن ئەبێ بە رەحمەت، لە بازێك شوێن ئەبێ بە ئاشووب.

مەلای گەورەش ئەو زانستەی وەکو ناو باس نەکردووە، بەڵام لەواقیعدا کاری بۆ کردووە، بۆیە لە نەختێك شیعرا ئەم بابەتە، کە باس ئەکات ویستویەتی نەهامەتی میللەتەکەی کۆتایی پێ بێنێت.

ئەولەویەت بە شتی تر بدرێت، تاوەکو ئەو پێشکەوتنەی لە رۆژئاوادایە لە صناعەت‌و چەکی سەردەم، کە وڵاتی موسڵمانانیان پێ داگیر کردووە، ئەم میللەتەش بەدەستی بێنێت.

ئەمە وای کردووە گومان دروست ببێت لەوەی، کە مەلای گەورە باوەڕی بە نەقڵ‌و حەدیس نەبووە، یان ئەو شیعرانەی ڕەددی فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) دەکەنەوە، بەڵام ئەمە وانیە، زۆر جاران گوێم لێ بووە تەئویل بۆ زۆر کەس‌و زۆر ئاراء و فەهمی جیاوازو شاز کراوە، بەڵام ئەو حەقە بە مەلای گەورە نەدراوە بۆ ئەو جۆرە شیعرانە، با چاوێك بە شیعرەکاندا بێنین:

عیلمی تەبیعەت عیلمی خودایە — (قال)و ( قول ) گشتی هەبایە
عیلمی کیمیات کە نەخوێندووە — بەخوا نازانی خوا چی کردووە
عیلمی حیکایەت گەر کەڵکی هەبا — دەبایە دونیا هەمووی بۆ مەبا
ئێمە پابەندی وەهمو خەیاڵین — ئێمە خەریکی کەری دەجاڵین
عیلمی صەنایع لای ئێمە نیە — گەر چ شتێك هەبێت ئەویش قەولیە

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

خۆزیا ئیمامی ڕازی لەو عەسرە زیندوو بایە
تا لە سونعی بەشەری تەیارەی بدیبایە
ئەوجا ئیمانی دەینا بە قودرەتی بەشەری
قەت ئینکاری نەدەکرد بە تەقلیدی ئەشعەری
چونکە سلبی تەئسیریان لە قودرەتی عەبدی کرد
ئومەتی وا بەقودرەتی گشتی بە زیندوویی مرد
پاکیان بە دەفو دەمبك‌و بەدوعاو نوشتەو کشتەك
مەحروم بوون لە ئاساری سونعی دەواری فەلەك
رواهو الدار قوتنی حدسنا الترمزی
چاکی لە کیس ئێمەدا لە واپۆڕ تاکو دەرزی
ئیمامی( ما تریدیش ) یەعنی ( علم الهدی )
چەند لە قودرەتی هات ڕێگەی لە ئێمە تێکدا
ئەوەی کە خەلقی خوابوو لە مەعدەن‌و کانە نەوت
هەمووی لەکیس ئێمە چوو بەدەستی کافران کەوت
بە ئومێدی ئیمامین یەعنی حەیدەری کەڕاڕ
یاخود حەزرەتی عیسا لە ئاسمان بێتە خوار
یان مەهدی موختەفی لەنێو چاڵی بێتەدەر
بە قووەتی ویلایەت دونیا بکا موسەخەر

وە لەچەند دێرە شیعرێکی تر دەڵێت:

مەلا گەر مەلا بان میللەت بۆچ وای لێدەهات
ئەوڕوپایی چی دەکرد لەسەر قیتعەی ڕۆژهەڵات
نەوتی بابە گوڕ گوڕی چلۆن دەچتە پارسی
ئاگری حەسرەت‌و مەندی لە دەروونم دایسی
بڵێن بە سیبە وەیهی مازینی‌و حالە وەیهی
کانی نەوتین لە کیس چوو بە ڕیشی نەفتە وەیهی



ئە تۆ خودا پێم بڵێ مامۆستای ڕووت‌و برسی
هیچ ئیش تۆ پێك دێنێ شعری
(إمروالقیس)

بەڕاستی ئەو جۆرە شیعرانەی مەلای گەورە، حەقی خۆیەتی دراسەی زانستیانەو ئەکادیمی قوڵی بۆ بکەی، بەڵام ئێمە بەکورتی چەند مەبەستێکی لێ روون دەکەینەوە.

مەلای گەورە لەم شیعرەدا علومی ئیسلامی ڕەت نەکردۆتەوە، بەڵکو زۆر خۆ خەریك کردن بەو خیلافات‌و قاڵ‌و قیلە بەباش نەزانیوە، کەبوونەتە هۆی ئیهمالی زۆرێك لە مەلاو زاناکان، وە نەیان توانیوە چاودێری سیاسەو ئابووری کوردستان بن،

وەگەرنا مەلای گەورە بەهۆی ئەو عیلم‌و خیلافات‌و( قال، قول) بووە بە مەلای گەورە، ئەو زانستە ئەوی پێگەیاندووە، وەهەروەها ئەو شیعرانەی بە زاهیر باس لە حەدیس دەکەن، ئەمە وانیە چونکە سیاقی ئەم شیعرانە ئەوە دەردەخەن، کە ئەو مەبەستی پێی باسی حیکایەتی حەزرەتی عساوابەزینی‌و دەجاڵ‌و محمدی مەهدیە، کە لەم بوارەوە کتێبی تایبەتی داناوە، زیادەڕەوی لە باوەڕبوون بەمانەو قودرەتی خارقی وای کردووە، خەڵك باوەڕ بە نەختێك خورافیاتی تر بکەن‌و دوور بکەونەوە لە ئەصلی ئیمان ئیسلامە، کە ئەمەش لەو سەردەمەدا وا بووەو ئەگەرنا خۆ تەفسیرەکەی پڕیەتی لە ئەحادیس‌و قەولی صەحابەو تابیعین، کباری مجتهدین.

بۆیە لە زۆر شیعری تردا باس لە نەهامەتی مەلایان دەکات، کەوا چاوەڕێن بۆ بانگەوازی دین تا محمدی مەهدی دێت، یان ئەو کاتە جوببەو مێزەریان بە خەڵات بۆ دێت.

لای مەلا وایە هەر کە مەهدی هات خەڵاتی بۆدێت جوببە بەقەڵاتئەم عەقیدە بووە بەوەی ئینسان چالاك نەبێت، بۆیە مەلای گەورە رەخنەی توندی گرتووە، ئەمە وای کردووە کەسانێك خۆیان لەبەرگی مەلایەتی‌و شێخاتیدا بنوێنن‌و نانی پێوە بخۆن.

بۆیە دەڵێت:

مەلاو شێخەکان بێ دین‌و بەد خوون — ألا إنهم هم المفسدون
ئەتۆ چۆنی بژی من هەر مەلامە — ئیتر بەسیە برام خەتمی کەلامە

مەلای گەورە بەخۆی گەورەترین شانازی بە مەلایەتیەوە کردووە، بەردەوام جوببەو مەندیلی پۆشیوە، لەوە زیاتر نازناوی مەلایەتی، کە دەگوترێت( مەلای گەورە) لەسەردەمی خۆیدا پێی دراوەو پێی ناسراوە، بەڵام ئەو ڕەخنەی لە خراپ وەرگرتن لەو بەرگە گرتووە، نەخودی مەلایەتی.

بەشێکی تری ئەو جۆرە شیعرانە لە ناخێکی سوتاوەوە بۆ نەوتەکەی بابەگوڕ گوڕ وتووە، کاتێك بینیویەتی وا بێگانە دەیبەن‌و کوردیش بەش خوراوو چەوساوەیە، هەر بۆیەش ئەو شەوەی کەوا نەوتی بابە گوڕ گوڕ دەرهێنراوەو بڵێسەی ئاگری بینیوە لە شاری کۆیەوە تابەیانی نەخەوتووە، لەوە زیاتر باس لەوە دەکات کەوا کورد نابێت باوەڕی ڕۆژئاوایی هەبێت وەك دەڵێت‌و بە سوورەی چاو شین ناویان دەبات:

سووری موو زەردی چاوشین نەکەی بەئومێدی بی
ئەووەڵ بەقودرەتی خۆت دووەم بە عەونی ڕەبی

ئەمە ئەوە نیشان ئەدا کە ئەبێ گەلی کورد بەهیمەتی ڕۆڵەکانی خۆی بێت نەك بەتەمای گەلێکی تر.

لەژێر ئەم چەند خاڵەی ڕابردوو بۆمان دەرکەوت، کەمەلای گەورە بەمانای کەلیمە مەلایەك بووە چاودێری باری ئاینی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی گەلی موسڵمانی کورد بووەو لەگەڵ ناخۆشی‌و ئازارەکانی ژیاوەو کاری بۆ باشکردنی ژیانی ئاینی‌و سیاسی کردووە، بەم جۆرە شۆڕشێکی نمونەیی جوانی لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلام‌و بنەماکانی بەرپاکردووە.

ئەم وێنەیەش دەگمەنە، چونکە ئێستا زۆرێك لەو کارانەی مەلای گەورە بانگەشەی بۆ کردووەو شیعری بۆ وتووە، ئێستاش بقەیە، بەڵکو ناتوانین، کە شیعرەکانی بەتەواوی باس بکەین، بۆیە شۆڕشەکەی مەلای گەورە بەس لەناو کتێبەکانیدا بەتەواوی ماوە.

وە هەرچەن توانیویەتی لە واقعی کوردستان تا ئاستێکی گونجاو تەئسیری هەبێت، بەڵام هەر ڕۆژێك وە هەر کەسێك بیەوێ زیندووی بکاتەوە بەو شێوەی مەلای گەورە ویستویەتی، ئەوا لە نوسراوەکانیدا ئەیان دۆزێتەوە.

---

(مەلا) لە تەفسیرەکەی (مەلای گەورە)دا

# هەبوونی بەڵگە، جیاوازییەکان یەکلا دەکاتەوە



## هێمن عومەر خۆشناو

## شەقلاوە

### بەشی یەکەم

مێژ ساڵە لەنێو زانایانی ئیسلامیدا، هەندێکیان گەیشتوونەتە لوتکەی زانست‌و لەو نێوانەشدا ئەوەی کە زانستەکەی پاراستوونە، نووسین بووە، کە نەوە دوای نەوە راڤەو لێکدانەوەی جیاجیای لەسەر کراوەو ئیش‌و کارەکانی مسوڵمانانیان پێ رایی کراوەو هەندێکیان وەك فتوای تایبەتی بەناوی نووسەرەکانەوە ناونراون.

لەو سۆنگەیەوە، جار جار زانایەك لەلایەن مەزهەبێکی جیا، یان چەند زانای هەمان مەزهەبەوە لەسەر دەربڕینی را، یان راڤە، یان فتوایەکەوە، تیرو توانجی تێ گیراوەو هەر بەوەوە نەوەستاون‌و دژایەتی کراوەو قسەی ناشیرینی پێ گوتراوە، ئەمە وای لەجەنابی (مەلای گەورە) کردووە، کە لەوساوە بوێری‌و قسە لەسەر ئەم دیاردە ناشیرینە بکا، بەوەی کە ناشی‌و ناکرێ، لەبەر رایەك یان هەڵەیەك، هەموو بەرهەمەکانی نووسەرێکی دیاریکراو بخرێتە ژێر پرسیارەوەو خوێندنەوەی قەدەغە بکرێ، بەڵکو دەبێ بە بەڵگە بسەلمێنرێ کە هەڵەیەو هەڵەکەشی نابێتە پێوەر لەسەر هەڵەبوونی لە هەموو نووسینەکانی تری، چونکە **((قسمێك لە علمای (أحرار) وەك (ابن الحزم)، (ابن تیمیە)، (ابن القیم) تەماشای (دلیل) ئەکەن، (مبالات) بە (مخالفە)ی (أئمە) ناکەن، کەسێك (نصرەت)ی (قول)ی (أئمە)کان بدا، (حق)ی وایە، (دلیل) و (حجت) بهێنێ، وە بە (دلیل)و (حجت)، (نصرت)یان بدا، نەك قسەی ناشیرین‌و سووك‌و چرووك، دەرحەق ئەو نەوعە مەلایانە بکا، بە (تکفیر) و (تضلیل)، (تنفیر)ی عالم بکا، لە عیلم‌و (حقایق)ی ئەو (ذوات)ە (کرام)ە، من گەلێ جار وەصیەت ئەکەم لە (تلامیذ)ی خۆم: گوێ نەدەنە (طعن)ەی مەلایان لە حەق یەك، بەڵکوو تەماشای حەق‌و حەقیقەت بکەن. ئەوەی (مقلد)ە، قسەی (إمام)ی خۆی بۆی (کافی)یە، حەقی لەسەر دەلیل‌و (برهان) نییە))**[1].

کەوابوو هەموو جارێ قسەی ئیمامی سەر مەزهەب، ئەگەر بەڵگەی لەگەڵدا نەبوو، بە هەند هەڵناگیرێ، هەروەك ئەگەر بەڵگەی راست و دروست هەبێ، لەوپەڕی مەزهەبێکی تریش بێ، دەبێ وەربگیرێ‌و کاری پێ بکرێ، مادام کاری لەسەر دەوەستێ‌و بەو هۆیەوە ئیش‌و کاری شەرعیانەی پێ رایی دەکرێ.

بە داخەوە لەرابردووی زانایانی کورددا، جاری وا هەبووە هێندە بە چڕی‌و پڕی مەزهەبێك پەیڕەو کراوە، کە لای کوردان زۆربەی هەرە زۆریان شافیعی مەزهەبن، هەندێك جار لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ بنەماکانی ئەم مەزهەبە، تووشی سەرچیخ چوون هاتوون، بەوەی کە جاری واش هەبوو، پەیوەست بوونەکە هێند بەتین بووە، رەنگ بووبێ لای خەڵکی ئاسایی مەزهەبەکانی تر بە سەیر و دوور لە دین سەیر کرابن، بگاتە ئەو رادەیەی کابرای نەخوێندەوار سوێند بخوا بەوەی کە پێغەمبەر (د.خ)یش شافیعی مەزهەب بووە، ئەمە هەمووی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هەندێ زانای کورد زۆر بە توندی رەفتاریان لەگەڵ مەزهەب کردووە، بێ ئەوەی بەڵگەیان لەکن روون بێ، لەبەر هەندێ رێزگرتنی زانایان دەبێ لەسەرووی هەموو شتێ بێ‌و بە نەگونجان‌و قەناعەت نەکردن بە قەولی زانایەك، ناشێ تەواوی بەرهەمەکانی تری بکەوێتە بەر توانج‌و پلار.

بەداخەوە لای خۆمان کەم زانای سۆفی هەیە، کتێب‌و بەرهەمەکانی ئیبن تەیمییەو سەید قوتب‌و...... بخوێنێتەوە، نەك هەر نایخۆنێتەوەش بەڵکو جار جار لێرەو لەوێ تۆمەتباریش دەکرێ‌و توانجیشی تێ دەگیرێ، یان بەپێچەوانەوە زانای مەشرەب سەلەفی سەرلەبەری بەرهەمی زانایان لەبواری تەسەوف رەتدەکەنەوەو نموونەی کەڵە زانای وەك مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس‌و بەرهەمە نایابەکانی فەرامۆش دەکەن –وای بۆ ئەوێ رۆژێ زانای وەك مەلای گەورە دەهاتنەوە مەیدان..

(١) تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورە، بەرگی دووەم، لا٩٩٧.

---

# مامۆستا مەلا ئەحمەدی ئەحمەدئاوا ئەندامێکی لە یادکراوی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

## ئا: عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد

### کورتەیەك لە ژیانی

ناوی مەلا شێخ ئەحمەدی، کوڕی مەلا شێخ موحەممەدی کوڕی شێخ عەبداللەی دەمەیەوییە لەهەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناسراوە بە (مامۆستا مەلا شێخ ئەحمەدی، ئەحمەدئاوا).

### ساڵی لەدایك بوونی

مامۆستا مەلا شێخ ئەحمەد، لەساڵی (١٣٤٧ه) بەرامبەر بە (١٩٢٨)ی زایینی لەگوندی دەمەیەو، لەهەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.

### جەمسەری هۆزەکەی

جەمسەری هۆزەکەی لەنەتەوەی ئیمامی عومەرە (خوای لێ ڕازی بێت) وەئێستاکەش هەر بەو لەقەبەوە ئەناسرێن بەتایبەتی لەئێراندا کە بە فامیلی (فاروقی) ناسراون، وە هەندێکی ئەم هۆزەش بە (نەقشبەندی) ناسراوون کە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چەندەها ساڵ ڕشتەی سۆفیەتییان بەدەستەوە بووەو لێی نەبچڕاوون.

### نشینگای هۆزەکەی

کەڵەیم لە هۆزێکی فراوانە کەنیشتەجێی هەردوو هەورامانن بەشی عێراق‌و ئێرانیش، لە هەورامانی عێراقدا زیاتر لە (دەرەی مەڕ)و (ئەحمەد ئاوا)ن، وە لەئێراندا زیاتر لە ( دەمەیەو)و (بارام ئاوا)ن، وە زۆریشیان بەهۆی مەلایەتی‌و کاروبارەوە لەشوێنانی تریش نیشتەجێن.

### ژیان و سەردەمی خوێندنی

کەڵەیم لەساڵی (١٣٦١ ه، ١٩٤٢ز) دەستی کردووە بە خوێندنی ئاینی‌و تێکۆشانی کردووە بۆ زانست‌و زانیاری لە کوردستانی (هەولێر- هەڵەبجە- کەرکوك- ڕەواندوز- سلێمانی- خۆشناو- پێنجوێن- دزەیی- مەریوان- قەراج- شارباژێڕ- ژاوەرۆ- شارەزوور- گاوەرۆ- هەورامان- کۆیە- سنە- مەنگوڕ- شامیان- پشدەر- برادۆست- مەرگە- قەرەداغ)و شوێنەکانی تریش. تەمەنێکی زۆری لەخزمەتی زانست‌و زانیاری ئیسلامدا سەرف کردووە، تا لەساڵی (١٣٧٦ه- ١٩٥٦ز) لەسلێمانی لەلایەن (حاجی مامۆستا ملا معروفی خاوی)دا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووەو ڕێگای فەتوای شەرعی پێدراوە.

### سەردەمی پاش خوێندنی

مامۆستا بە بۆنەی خوێندن ومەلایەتی ییەوە پەڕیوەی دیوی باشوری کوردستان بووە، وئیتر نەگەڕاوەتەوە ڕۆژهەڵات، بۆیە دوای ئیجازە وەرگرتنی بە فەرمانی مامۆستایانی ئایینی کراوە بە مودەڕیسی مزگەوتی (شێخ عبدالکریمی کوڕی شێخ عبدالقادر)ی (شێخی تەریقەی قادری) لەدێی (کرپچنە) لەناوچەی (سەنگاو) لەلیوای کەرکوك، پاش ئەمە بووەتە مەلای گوندی (گرێزە)ی سەر بە ناحیەی سەیدصادق، پاش ئەمەش لەبەر ناباری باری ژیانی لەساڵی ١٩٥٩ ناچار پەنای بردۆتە بەر کاربەدەستانی میری‌و بووەتە مووچەخۆری میری‌و، بەهۆی نیشتەجێ بوونی لەگوندی



مەلا ئەحمەدی ئەحمەدئاوا

ئەحمەدئاوای بناری هەورامانی کوردستانی عێراق، بە(مامۆستا مەلا شێخ ئەحمەدی، ئەحمەدئاوا) ناوی دەرکردووە، تا ساڵی ١٩٨٨ ئاوارەی ئێران بووەتەوەو، ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە کوردستانی عێراق‌و بە بڕیاری بەرەی کوردستانیی ئەوکات، کراوەتە قازی شەرعی هەڵەبجەی شەهید تا ساڵی ١٩٩٤.

### مامۆستاو یەکێتی زانایان

مامۆستا لەسەرەتای حەفتاکانداو، دوای ئەوەی مەلا مستەفای بارزانی (خوالێی خۆش بێت)، فەرمانی داوە بە دروست کردنی یەکێتی زانایان، مامۆستا وەك ئەندامی لیژنەی نوێنەرایەتی ناوچەی سلێمانی بەشداری کردووەو، ماوەیەکیش پێش ڕاپەڕین لەسەر داوای سەرۆك مەسعود بارزانی یەکێتی زانایان، لە کەرەج‌و مەڕگەوڕو ئورومیەو ڕاژان، چەند کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ زانایانی ئاوارە سازدران‌و، بڕیاریان بۆ درابوو، کە سەر لەنوێ یەکێتی زانایان دروست بکەنەوەو، هەر لەو کاتەوەش بوویە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی، کە ئەوکات جەنابی (مامۆستا مەلا مەحمودی دێرشەوی)، بە سەرۆکی یەکێتی زانایان دانرابوو، و شایانی باسە مامۆستا مەلا ئەحمەدو مامۆستای دێرشەوی دۆستی گیانی بە گیانیی یەکتر بوون، ودواتریش دوای ڕاپەڕین‌و لەکۆنگرەدا بەئەندامی مەکتەبی تەنفیزی دەرچووەوە، وتا هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ، کە مامۆستا دابڕاو کەوتە ناوچەی هەڵەبجەی سەر بەقیادەی مەیدانی کەرکوك- سلێمانی‌و، مەرگ مەودای نەدا بە مامۆستایانی هەولێر بگاتەوە، لەیەکێتی زانایان‌و، بارگەوبنەی بەرەو حزوری پەروەردگار پێچایەوە.

### مامۆستاو بەرهەمەکانی

**بە زمانی کوردی:**

(١) کتێبی (پێشهاتی مەرگ).
(٢) ڕشتەی پێغەمبەر( h ).
(٣) دیوانێکی شیعری نووسیووە.

و بەزمانی عەرەبی کۆمەڵێك حاشیەی موتەووەلی لەسەر (فەرائیزی شەرح مەنهەج )و (مەنتیقی تەفتازانی)و (فەریدە)ی ئیمام سیوتی‌و (ئییساغوجی)و (تەسریفی مەلا عەلی)و (کیفایەی بەیتوشی)و کتێبەکانی (عەروز) هەیە.

### مامۆستا لەگەڵ شیعردا

مامۆستا لەشیعردا دەستی هەبووەو لەزۆر بابەتدا شیعری نووسیووە، بەداخەوە دوو بەرگی شیعرەکانی لەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بەکتێبخانەکەیەوەو چەندەها نووسراوی خۆیەوە سووتاون وە ئێستاکە تەنها بەرگێکیان ماوە، وەمامۆستا بەچەند نازناوێکەوە شیعری وتووە لەوانە (کەڵەیم، عەبداڵ، مەلای هەورامی).

### کۆچی دوایی مامۆستا

مامۆستای خواناس پاش بەسەر بردنی ( ٦٣) ساڵ تەمەن لەخزمەتی ئیسلامدا لەئێوارەی ڕۆژی (١٩٩٦/١٢/٩) لە ئەحمد ئاوا کۆچی دوایی کردوە[1].

بە ئەمری خوا لەکاتی نوێژی مەغریب داو لەسەر بەرماڵ کۆچی دوایی کردووە، پێغەمبەریش ( h ) دەفەرمووێ ﴿من کان آخر کلامە ـ لااله الا الله ـ دخل الجنة) صحیح الجامع (٤٣٢/٥).

(یبعث کل عبدعلی مامات علیە) مسلم . حدیث (٨٣) {٢١٠ /١٧}.

(فسلام علیە یوم ولد ویوم مات ویوم یبعث حیّا.)

* بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستاوە زۆر لەشاعیران مەرسیەیان بۆ گێڕاوە، ئێستا لێرەدا مەرسیەی شاعیری گەورەی کوردستانی ئێران مامۆستا مەلا محمد أمینی میرزایی دەخەینە بەرچاو:

### شین بۆ مامۆستا شێخ أحمد

کوڕە کوردەکەی شاخی هەورامان
هەڵپڕو سقاوی ناباری زەمان
چەند بەئاوات بووی بۆ ئازادی گەل
چەند گەڕای لەشاخ دەشت‌و دۆڵ‌و کەل
بۆ عەجاییاتی ژینی کوردەوار
سبحان الله ت کرد هەزار بە هەزار
بەهاری عومرت بە کوێرەوەری
بەداخ‌و هیجران بەدەربەدەری
تۆش هەروەك کوردی بەش براو لەژین
سەرسام‌و مات‌و پەژموردەو بێ تین
گەڕای بەم هەموو ئەرزی خوادا
هەرگیز ڕات نەکەوت وەڵای صەفادا
پاییزی عومرت بە ئاخر خەزان
تەنها گەڵاکەی زەردی هەڵوەران
بەڕۆحی بەرزی ڕوخسار بەهاری
کۆچی خێرت کرد لە ژین بێزاری
چوون لە کۆشی دڵ ڕوا بوو ڕێخت
جا غەمخۆری قەوم، هات بۆ تاریخت.

جا غەمخۆری قەوم: هەر بەجۆرە نووسینە مێژووی وەفاتی یەتی!

# بیرکردنەوە ئینجا بڕیاردان

## مەلا کرێکار بادلی

لەوکاتەی کە مرۆڤ هەستی بەبوونی خوای گەورە کردووە خواپەرستی کردووە، بەهەندێ عیبادەتی ئاشکرا وەك: نوێژو ڕۆژوو زەکات.. چەندانی تر.

بەڵام پرسیارێك جێی تێڕامانە، کە ئایا ڕۆژێك هەستمان بە بوونی شتی دەوروبەر کردووە؟ لەچۆنیەتی وردبوونەوە تێیدا؟، بێگومان پێویستی بە هەوڵدانو بیرکردنەوەیەکی قوڵ هەیە تا مرۆڤ بگاتە بڕیاردانێك، کە شتەکان جیا بکاتەوە، بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێ: (وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا)، واتە: خوای گەورە هەموو شتێکی دروست کردووە بە ئەندازەو قەبارەو شێوەو تامو بۆنو ڕەنگی جیاوازی هەمە جۆر وە نەخشەی ڕێكو پێکی بۆ هەموو شتێك داناوە، جا لێرەدا دەمەوێ هەندێ لەو دروست کراوانە باس بکەین:

١- خوای گەورە دەفەرموێت: (أَفَلَا يَنْظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ)، حوشتر دوو جۆرە: ١- یەك پالۆن ٢- دوو پالۆن، لەجیهان ١٩٠ ملیۆن حوشتر هەیە، چاویان زۆر گەورەیەو شتی بچووك گەورە دەکات چاوی حوشتر، وە منداڵ دەتوانێ کاری پێ بکات (وَذَلَّلْنَاهَا لَهُمْ فَمِنْهَا رَكُوبُهُمْ وَمِنْهَا يَأْكُلُونَ)، وە برژانگی گەورەن بۆ پارێزگاری لە بیابانو گوێی بچووکەو مووی زۆری هەیە لە گوێ بای بیابان زەرەری پێ ناگەیەنێ پێستی لەناو قوڕ ناچەقێ لەکاتی دانیشتن گەرمای نابێت، ماندوو نابێتو لەدەم هەناسە وەرناگرێ بەڵکو لە هەموو لەشی بۆیە دەتوانێ ماوەیەکی زۆر بڕواتو ئاو نەخواتەوە.

٢- خوای گەورە دەفەرموێ :(وَإِنْ يَسْلُبْهُمُ الذُّبَابُ شَيْئًا لَا يَسْتَنْقِذُوهُ مِنْهُ ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالْمَطْلُوبُ)، مێش: دوو چاوی هەیە هەر چاوێکی ٢٠٠٠ دوو هەزار عەدەسەی هەیە، کەواتە دەکاتە ٤٠٠٠ چوار هەزار عەدەسە، کە بەیەك عەدەسە ٦ شەش لا دەبینێت( ڕاست، چەپ، سەرەوە، خوارەوە، پێشەوە، پشتەوە)، چونکە عەدەسەکان شەش پاڵۆن، بە ئاراستەی با دەڕوات نەك بەپێەوانەی با، نەوێك بەر شتێك بکەوێ، مێش دەچێتە سەر شیرینی نایخوات بەڵکو دەیگۆڕێت بۆ ماددەی سادەتر، کە (گلوکوز) دەگۆڕێت بۆ (گلسرین)، جا هەموو دونیا هەوڵ بدات ناتوانن جاغرێکی تر بی گۆڕن،دوو باڵی هەیە باڵێکی ٥٠ ملیۆن میکرۆبی هەیە، باڵەکەی تر دەرمانی هەیە، لاشەی بەموو داپۆشراوە کە ڕژێنێك دەردەدات بۆ خۆپاراستن لە میکرۆبەکان.

٣- خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ اللَّهَ لَا يَسْتَحْيِي أَنْ يَضْرِبَ مَثَلًا مَا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا)، پێشکە: سەد ١٠٠ چاوی هەیە لەسەریدا، ٤٨ چلو هەشت ددانی هەیە لەدەمی، سێ دڵی هەیە لە ناو هەناودا، ٦ شەش چەقووی هەیە لە لووتی هەر یەکێکیان کاری تایبەتی هەیە، لە هەر لایەکی ٣ سێ باڵی هەیە هەڵگری ئامێری گەرمین بەهۆی تیشکی ژێر سوور، کاریشی پێچ کردنەوەی ڕەنگی وەنەوشەیی تاکو ببینێت، خاوەنی ئامێری شیکردنەوەی خوێنە، کە هەموو جۆرە خوێنێك هەڵنامژێ، ئامێرێکی تری هەیە کە بۆنی دەوروبەر لە دووری (٦٠کم) دەتوانێ بۆنی ئارەقی مرۆڤ بکات، لاشەی ئامێری بەنجی هەیە (واتە بێ هۆشی) تا کاری خۆی دەکات.

٤- مانگ بە خێرایی ١٨ کم لە یەك دەقیقەدا دەسوڕێ وە زەوی ١٥کم لە دەقیقەیەکدا وە ڕۆژ (خۆر)یش ١٢کم لەدەقیقەیەکدا، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ: (لَا الشَّمْسُ يَنْبَغِي لَهَا أَنْ تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ)، لەیەك هێڵ بەر یەکتر ناکەون.

٥- خوای گەورە دەفەرموێ: (أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَى الطَّيْرِ فَوْقَهُمْ صَافَّاتٍ وَيَقْبِضْنَ مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا الرَّحْمَنُ إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ بَصِيرٌ)، باڵندەیەك هەیە ناوی( زەقزاقە) ڕەنگی ئاڵتونیە وە لە ئالاسکاوە تا دوورگەکانی (هاوای) بۆ ئەوەی زستانی تێدا بباتە سەر، لەبەر دووری ڕێگا کە ناچارە (٤٠٠٠) چوار هەزار کیلۆمەتر ببڕێت وە(٢٥٠) جار باڵی لێك بدات، کە ٨٨ کاتژمێر دەخایەنێت، وە پێویستی بە ٢٠٠ گرام لە ووزە هەیە وە کێشی ٧٠ گرامە، بۆیە پێویستی بە خواردنو خواردنەوە هەیە تا کێشی زیاد بکاتو توانای سەفەر کردنی هەبێت، وە خوای گەورە هێزو توانای زیاد دەکات، کە نزیکەی (٢٣) گرام دەبێت، وە کێشی (١٨) گرام زیاد دەکات لەم سەفەرەدا.

٦- دڵ یەك ملیۆن موگناتیسی هەیە، لەکاتی نوستن ٣٠٠ ملیۆن زیاد دەبێت، وە مار دەمی پڕ ژەهرە زەرەری پێ ناگات، وە هەنگ گوڵ دەمژێ کە لەلایەك شیفایە لەلایەك ژەهرە، ئاو لە دوو ماددە پێکهاتووە $O_2$ ئۆکسجین وە $H_2$ هایدرۆجین ئەگەر ئەودوو ماددەیە لەیەك بدەن ئاو دروست دەبێت.

(إِنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ)

لەکۆتاییدا لە ئیمامی شافیعی یان پرسی: بەڵگە چیە لەسەر هەبوونی خودا ؟!

فەرمووی: (داری توو ڕەنگو تامو بۆنی هەیە مامز دەیکات بە میسك، کرم- ئاوریشم، هەنگ- هونگوین، مەڕ- شیر.....).

بۆیە خۆشەویستان با زیاتر وردبینەوە لە دروستکراوی خودا تا توانای خوامان بۆ دەربکەوێ وە زیاتر هاندەر بێ بۆ خواپەرستی.



# پەتای گەندەڵی !!

## عوسمان هورمزیار



گەندەڵی پێناسە سەرەتاکەی ئەوەیە پەتایێکی ترسناکە، هۆکارەکەی بەکارهێنانی دەسەڵاتە لەپێناو بەرژەوەندی تاکە کەسێك، یان چینێکی تایبەت بەواتایەکی تر چینە بەهێزەکان دەسەڵاتیان دەکەنە ئامراز بۆ ئەوەی بەشی چینە بێهێزەکان بخۆن. دیاردەی گەندەڵی بەدەردێکی کوشندەی ئەم سەردەمە دادەنرێو، لە هەموو جیهان بە چڕی بڵاوبۆتەوە کەم تا زۆرێك لە نێوان تەواوی وڵاتو کۆمەڵگا جیاوازەکان بوونی هەیە.

لێرە کاری دەوڵەت ئەوەیە لەپێناو بەرژەوەندی گشتیداو بۆ ئەوەی بەربەست لە پێش ئەم حالەتە مەترسیدارە دروست بکرێتو بوار نەدرێ تەشەنە بکاو زیاتر بڵاونەبێتەوە، دەبێت دەزگایەکی چاودێری توندوتۆڵ هەبێت و کەسانی پسپۆرو شارەزا کاری تیا بکەن، لە گشت بوارە جیاجیاکاندا چاودێری ئیشو کارەکانی دامودەزگاکانی دەوڵەت بکەنو بە بەردەوامی لێ پێچینەوەو بەدواداچون بکرێ ئەوانەی ئەم تاوانانەیان لەسەر ساغ بۆوەو ئەبێ سزا بدرێن هەر کەسە بەقەد قەبارەی تاوانەکەی، بەڵام بەڵایێکی تری گەورەترو زۆر ترسناك تر ئەوەیە ئەگەر دەوڵەت خۆی بەشدار بێ لەم تاوانەو ببێتە بەشێك لەم گەندەڵیە کە بێگومان ئەو کات هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵگا شەلەل ئەبێتو جومگەکانی دادەڕزێ کە ئەو کات چارەسەری زۆر زەحمەت دەبێ.

لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا گەندەڵی بەشێوەیەکی وا بڵاوبۆتەوە کە کۆنترۆڵ کردنی کارێکی زۆر ئەستەمە بەتایبەتی کە چینی دەسەڵات ڤایرۆسی ئەم نەخۆشیەیەی چۆتە جەستەی چونکە هیچ لێ پێچینەوەیەك نییەو سزادان نییەو کەسانی دەسەڵاتدار لەسەروی یاساو ڕێساکانی وڵاتن بەپێچەوانەوە لەوڵاتانی پێشکەوتوو هەرچەند ئەوانیش توشی ئەم پەتایە بووینەو بەم دەردە دەناڵێنن بەڵام تا ئاستێکی زۆر باش توانیویانە کۆنترۆڵی بکەنو نەیەڵن پەل بهاوێتو تەشەنە بکاو بەردەوام لێپێچینەوەو بەدواداچوونیان هەیەو کەسی گەندەڵ لە هەر پلەو پایەیەك بێت، لەسەر بچوکترین شت پەلکێشی دادگای دەکرێو ڕووبەڕووی سزادان دەبێتەوە. بەپێناسەکی تر دەتوانین بڵێین گەندەڵی لەواقیعدا هیچ بوونێکی نییە، بەڵام نەفس نزمیو بێویژدانی کەسانێ کە لەڕێگای بەکارهێنانی دەسەڵاتو بۆ گەیشتن بە مەرامو مەبەستی تایبەتی دا ئەم سلوکە نا تەندورستە دەگرنەبەر وەك نەخۆشیێکی ترسناك لەناو جەستەی کۆمەڵگا بڵاوی دەکەنەوە، گەندەڵیو گەندەڵکارانیش زیاتر لەناو ئەو وڵاتانە ڕێژەیان بەرزە کە دواکەوتوون لە هەموو بوارێکدا بۆ نمونە وڵاتانی سودانو سۆماڵ هەردەم لەپێشەوەی هەموو ئەو وڵاتانەن کە ڕێژەی گەندەڵی لەناویان بەرزە. بەپێچەوانەوە لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیا گەندەڵی بەو چاوە تەماشا ئەکرێ کە عەیبێکی زۆر گەورەو تۆمەتێکی تا بڵێی ناشیرینەو وەهەرکاتێ، کەسێك تۆمەتبار ئەکرێ بە گەندەڵی کاردانەوەی جۆراوجۆر ڕوودەدات لەلایەن تۆمەتبارەکەو دەست دەبا بۆ کاردانەوەی سەیر سەیر بۆ ئەوەی ئەم تاوانە ڕەتکاتەوەو لە بەرامبەر ئەوەی پێی نەڵێن تۆ کەسێکی گەندەڵێ ئامادەی هەموو شتێکەو جاری واهەیە ڕوحی خۆشی ئەکاتە قوربانی.

بۆ نمونە چوار ساڵ پێش ئێستا وەزیری کشتوکاڵی یابان کاتێ بە کاری گەندەڵی تۆمەتبار کرا یەکسەر خۆی کۆشتو کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا هەر پاش ئەم ڕووداوە بەماوەیەکی کەم وەزیری دادی ئەمریکی دەستی لەکارکێشایەوەو وازی لە پۆستەکەی هێنا بەهەمان شێوە کە بەکاری گەندەڵی تۆمەتبار کرابوو. ساڵێك دوایی ئەم ڕووداوانە ئەمجارەیان سەرۆکی پێشوی کۆریای باشوور پاش ئەوەی تۆمەتبار کرا کە لەسەردەمی سەرۆکایەتیەکەی دەستی هەبووە لەکاری گەندەڵی یەکسەر بەهەمان شێوەی هاوتا یابانیەکەی پەنای برد بۆ خۆکوشتن کۆتایی بە ژیانی خۆی هینا. لێرە پێکەوە ئەگەر سەیری ئەم سێ ڕووداوە بکەینو لێی ورد ببینەوە دەبینین لە پێشکەوتوترین وڵاتی جیهان وەزیرێك بەدەستی خۆی خۆی دەکوژێت بەس لەبەر خاتری ئەوەی تاوانبار کراوە بە گەندەڵی بەهەمان شێوە بەرپرسێکی گەورەی وڵاتێکی تر کە پێشتر پلەی سەرۆکی وڵات بووە هەم ئەویش پەنا بۆ خۆکوشتن دەبا ئەمانە ئامادەبوون بمرن، بەڵام ئامادەنەبوون بە گەندەڵکار ناویان بهێننو تاوانباریان بکەن دیارە وەزیرە ئەمریکییەکەش بەهەمان شێوە بڕیاری دا کورسیەکەی جێبهێڵی، بەڵام بەشێوەیەکی دیموکراسی تر لەجیاتی خۆکوشتن قبوڵی کرد دەستبەرداری پۆستە بەرزەکەی بێ، بەڵام تۆمەتی گەندەڵی قبوڵ نەکرد.

لێرە بۆ ڕێگری کردنێکی جدی پێویستە بەردەوام چاکسازیو پاکسازی لە دامودەزگاکانی حکومەت بکرێت کەسانی گەندەڵ لێ پێچینەوەیان لەگەڵ بکرێو لە پۆستەکانیان دوور بخرێنەوەو ڕاپێچی بەردەم دادگا بکرێن بۆ ئەوەی ئەم دیاردە قێزەوەنە بەرفراوان نەبێو تەشەنە نەکا چونکە لەسەردەمی ئەمڕۆماندا خەریکە ببتە پەتایەکی کوشندەو زۆر لە کۆلێراش ترسناکترە هەر کۆمەڵگایەك توشی بێت ئەوا بەرەو هەڵدێرێکی پڕ لەکارەسات دەڕواتو لەکۆتادا ئەنجامی خراپو چاوەڕوان نەکراوی لێدەکەوێتەوە.




# ناوی بێ ناوەڕۆك

# تێگەیشتن مەرجە نەك پێگەیشتن..

## مەلائەحمەدی قامیشی



مۆدیلی باوی ئەم سەردەمەگرنگی دانە بەڕوکەشو دیکۆرو خۆدەرخستن بێ گوێدانە ناخو ناوەڕۆك! کە بەزاراوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن (فۆرمالیزم) واتە: توێکڵی بێ کاکڵ و ناوی بێ ناوەڕۆك، چونکە ئەوانە بۆ خۆیان نازینو بۆرازیکردنی خەڵك دەژین! ئەوەش مرۆڤ دەکاتە کەسێکی دووڕوو هەلپەرستو بێبارولارو خوار، کردارو گوفتاری جیاوازەو کەسێتیو ناسنامەی لەدەست دەدات، ئەم دیاردەیەش یەکێکەلەدەرەنجامەکانی دنیای (ڕیالیزمو ماتریالیزم)، بێگومان ناو هیچ لە ناوەڕۆك ناگۆڕێت، وەك پێشینان وتویانە (بەحەلوا حەلوا دەو شیرین نابێ) کەسێ فاسق بێت ناوی بنێ صالح بەوەچاك نابێ، بەداخەوە کاریگەری ئەم پەتایە بەهۆی دورکەو تنەوە لە پابەندی دینەکەیان تێگەیشتنی چەواشە زۆرێك لە موسڵمانانیشی گرتۆتەوە! لەڕوکەشدا زانایە بەڵام نەزانە، پێگەیشتوە بەڵام تێنەگەیشتوە، ناوی سەلەفیەو شوێنکەوتەی سەلەف نیە!ناوی لەخۆی ناوە صۆفی بەڵام لەگەڵ موسڵمانان صافو پاك نییە! ناوی مجاهیدە بەڵام جیهاد ناکات!ناوی شەریفەو شەریف نیە،دەڵێ سەیدم بەڵام لەڕێبازی گەورەکەی ناڕوات! وێنەی ئەو شتانەی کە صینی و عادیە بەڵام نیشانەی یابانی لێدراوەو بەوەش چاك نابێتو هەر تەزویرە، تاکەچارەسەریش ئەوەیەکە لە ناخەوە دەست پێبکەین ، لەڕێگەی بیروباوەڕی ناو دڵو دەرون کەسەرچاوەی نیەت پاکیە، بەو شێوە یەی کەئاینە کەمان فەرمانی لەسەرە، پەیامبەری خۆشەویستمان(د.خ) فەرمویتی: (ان الله لاینظر الی اجسامکم ولاالی صورکم ولکن ینظر الی قلوبکم) واتە: پەروەردگار سەیری شێوەی شانو شەوکەتتان ناکات بەڵکو سەیری ناودڵتان دەکات، چۆن هەر کردارو گوفتارێ لەدڵەوە بێت چاكو پاك دەبێت ڕاستو دروست دەبێت، پەرستشە کانیشمان بەگوێرەی نیەتی ناودڵ وەردەگیرێ، نەك بەڕوکاری فریودەری دەرەوە کە هەندێ جار ڕوپامایەو دوو ڕویە، بۆیە دەبینی کارەکە تاموچێژی خۆی ناداو بەرەکەت لەشتەکاندا زۆر کەم بووەوبە مجامەلەو سەرفکردن بەڕێدەکرێت ودەگوزەرێت! فەلسەفەی ژیانیش زۆر لەوە بەنرخ ترو گەورەترە کە تەمەن بەو شێوە سەرف بکرێتو ناوی بێناوەڕۆك بێت، ئەوانە بۆیە تەنها گرنگی بەڕوکەشی دەرەوەیان دەدەن چونکە لەناخدا ناتەواو بەتاڵن دەیانەوێت ئەو بۆشاییەی دەرونیان بەڕواڵەتی دەرەوەیان پڕ بکەنە وە، بەڵام ئەوەی کەلەناخدا تێروتەواوە دامەزراوە ئەوەندە پێویستی بەجوانی دیکۆر نییە چونکە هەڵسوکەوت وکردارو گوفتاری جوانو شیرینی شایەتی ئەو ڕاستیەی بۆ دەدەن، هەرچەندە زۆرینەی خەڵکی ئێستا زیاتر ڕوکەشی شتەکان دەبینن وەك دەڵێن: ئەقڵیان لەچاودایە! بەڵام لەشوێنی خۆیدا بەکاری نایە، دیارەدەیان ئایەتو فەرمودەو ئامۆژگاری زانایان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوەکەدەبێ لە خۆمانەوەدەست پێبکەین، ئەینا وەك پێشینان فەرمویانە: نەزان گەورەش بێ وەك کەندوی بۆشە... دەنگی دەهۆڵەو لەدوری خۆشە، دروشمەبێ ناوەرۆکەکانیو مافی مرۆڤ و ئازادی دیموکراسیش سەرباره ، لە مزگەوتەکەمدا لەسلێمانی عای ناومان زۆربوو، ڕۆژێ لەناو (٥)یان دابوم وتم: مزگەوتەکەمان عەلیاوایە بەڵام گرنگ ئەوەیە لەشوێن پێشەوا علی بڕۆن کە ڕێبازی پێغەمبەرە(ص)، یەکیان وتی: مامۆستا ناوەکەمان پیرۆزە خەممان نییە، منیش وتم ناوەرۆك مەرجە، ئەگەر کیسەیەك خوێ لەسەری بنوسن هەنگوین بەوە شیرین نابێو هەر سوێرە.

a_qamishi@yahoo.com

# یەکێتی زانایان پیرۆزبایی لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات

دوای ئەوەی لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان توانرا سەرجەم لایەنە جیاوازەکانی ئێراق لە هەولێر کۆبکرێنەوەو، هەر لەسەر دەسپێشخەریەکەی بەڕێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای چەندین مانگ توانرا حکومەتی ئێراق تەشکیل بکرێتەوە، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان نامەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەڕێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

بەختەوەرین بەناوی سەرجەم زانایانی ئایینی هەرێمی کوردستان دەستخۆشانەو پیرۆزبایی لە بەڕێزتان بکەین، بۆ ئەو دەستپێشخەریە مەزنەی ئەنجامت دا بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم لایەنە ئێراقیەکان لە هەولێرو، پاشانیش پێکهێنانی حکومەتی هاوبەشی نیشتیمانی لە ئێراقدا، بێگومان ئەو هەوڵەی بەڕێزتان ئەو کارە مەزنو پیرۆزەیە کە کۆکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانەو، ئاشتکردنەوەی حزبو کوتلەو لایەنە ناکۆکەکانی ئێراقە، کە لە ئەنجامدا گێڕانەوەی سەقامگیریو ئەمنو ئاسایشە لە ئێراقدا، کەمکردنەوەی ڕشتنی خوێنە لە ئێراقدا.

بۆیە وێڕای دەستخۆشیمان پیرۆزبایی لە سەرجەم گەلی کورد دەکەین، کە ئەمە دەستکەوتی تێکڕای گەلی کوردە.

**مەکتەبی تەنفیزی**
**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**
**٢٠١٠/١١/١٢**

# یەکێتی زانایان پیرۆزبایی لەسەرۆك کۆماری ئێراق دەکات

دوای بۆ دووەم جار هەڵبژاردنەوەی مام جەلال وەك سەرۆك کۆماری ئێراق، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان نامەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێزیان دەکات، ئەمە دەقەکەیەتی:

**بەناوی خوای مەزنو میهرەبان**

**بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری ئێراق**

شادومانین بە ناوی سەرجەم زانایانی ئایینی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پیرۆزبایی دووبارە متمانەپێکردنت وەك سەرۆك کۆماری ئێراق ئاراستەی بەڕێزتانو سەرجەم خەڵکی کوردستان بکەین. بێگومان دووبارە هەڵبژاردنەوەی جەنابتان وەك سەرۆك کۆماری ئێراق نیشانەی پێگەو ڕۆڵی کوردەو، هەروەها لێزانیو دڵۆزی بەڕێزتان دەگەیەنێت، بۆیە دووبارە بەناوی یەکێتی زانایان پیرۆزبایی لە بەڕێزتان دەکەینو، هیواداریین لە کارەکانتا سەرکەوتو بیت بۆ پتر خزمەتکردن بە ئێراق بە گشتیو بەتایبەتیش هەرێمی کوردستانو نەتەوەی کورد.

**مەکتەبی تەنفیزی**
**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**
**٢٠١٠/١١/١٢**

# یەکێتی زانایان بەشداری کۆنفرانسێکی پەیمانگای کۆماری (ئەمریکی) دەکات




ڕۆژی (٢٠١٠/١١/١٠) شاندێکی یەکێتی زانایان بەشداری کۆنفرانسێکی پەیمانگای ئەمریکی (پەیمانگای کۆماری) کرد، کە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەسترا.

کۆنفرانسەکە هەوڵێك بوو بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم ئایینو مەزەبە جیاوازەکانی ئێراقو، لێك نزیکخستنەوەی بیرو بۆچوونەکانو دیاریکردنی ڕۆڵی زانایانی ئایینیو پیاو ماقولانو عەشیرەتەکان لە بەرەو دیموکراسیبردنی کۆماری ئێراق.

کۆنفرانسەکە لەژێر ناونیشانی (ڕۆڵی داموو دەزگاکا ئایینیو عەشائیریەکان لە پشتیوانیکردن لە دیموکراسیەت لە ئێراقدا) بوو، کە ژمارەیەك لە سوننەو شیعەو مەسیحییەکانی ئێراقی تێدا بوو.

سەرەتای کۆنفرانسەکە ئەبراهام شولسکی ئەندامی سەرەکی پەیمانگای هیدسۆن وتارێکی خوێندەوە، تێیدا باسی لە ڕۆڵی ئایین کرد لە بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگاو، هاتە سەر ئەوەی، کە ئەمریکا گرنگیەکی زۆر بە ڕۆڵی ئایین دەداتو، لەوەشەوە توانیومانە زۆر سوودی لێوەربگرین، بۆیە دەکرێ ئایین ڕۆڵێکی مەزن ببینێت.

ئینجا چەند توێژینەوەیەك دەربارەی ڕۆڵی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەبواری دیموکراسیەت پێشکەش کران، کە بووە جێگای سەرنجی ئامادەبووان، بەتایبەتی کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەڕێگای بنەمای شوراو ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلامو خەلیفەکانی ڕاشیدین بناغەیەکی بنەڕەتی بۆ ماناکانی دیموکراسیەت داناوە. ئەمەو کۆنفرانسەکە دوو ڕۆژ خایاند.

شایانی باسە، پەیمانگای کۆماری دەزگایەکی ئەمەریکیەو نزیکە لە پارتی کۆماری ئەمریکاو، لە ئێراق چەندین چالاکی جۆراو جۆری ئەنجام داوە.

# دکتۆر عەلی قەرەداغی جەژنە پیرۆزە لە سەرۆکی یەکێتی زانایان دەکات

**دکتۆر عەلی قەرەداغی ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان پیرۆزبایی لە سەرۆکی یەکێتی زانایان دەکات، کە ئەمەی خوارەوە دەقی بروسکەکەیە.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**{الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا اللَّهَ وَكَفَى بِاللَّهِ حَسِيبًا}**

یەکێتی زانایانی موسڵمانانی جیهان
بۆ / م.ملا عبدالله ملا سعید گرتکی پارێزراو بێت
سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
السلام علیکم ورحمە الله وبرکاتە، پاش سڵاوو ڕێزو دوعای دڵسۆزانە

بەدەستی ڕێزەوە وتە بەنرخەکەی جەنابتانم بەدەست گەیشت، ژمارە ٧٤٥ لەبەرواری ٨ی زیلحیجەی ١٤٣١ك، بەرامبەر ١٤ی نوڤێمبەری٢٠١٠ ز، زۆر سوپاستان دەکەم لەسەر ئەو پیرۆزباییە بەبۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆز، خۆم بەخۆشحاڵ دەزانم کە جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی خۆتان گشت زانایانی کوردستان بکەم، وە ئومێدی دڵسۆزانەو بەرزترین سومبلی برایەتیو خۆشەویستیتان پێببەخشم، دەخوازم لە خوا باڵا کە هەمو ساڵێك بیگێڕێتەوە بەسەر ئێوەو ئێمەو تێکڕای ئومەتی ئیسلام بە خێرو خۆشی.

سوربوونی خۆمان دوپات دەکەینەوە بۆ هاریکاری کردنی نێوانمان، وتوندو تۆڵکردنی پەیوەندی.

سوپاستان دەکەم لەسەر ئەو متمانە بەرزە کە جێگای شانازیە بۆ ئێمە.
بەردەوام بن لە ژێر چاودێری خوا، والسلام علیکم ورحمە الله وبرکاتە

**براتان**
**پ.د.علی محی الدین قەرەداغی**
**ئەمینداری گشتی**

# نوێنەری زانایان: یەکێتی زانایان هەموو هاوکاریەك دەکات بۆ باشترکردنی ڕەوشی ئافرەتان



ڕۆژی سێشەممە (٢٠١٠/١١/٩) بە ئامادەبوونی نوێنەری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانو نێردراوی یەکێتی ئەوروپاو زۆرێك لەڕێکخراوەکانی ئافرەتانو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانو چەند لایەنێکی دیکە، یادی بڕیاری (١٣٢٥)ی نەتەوە یەکگرتووەکان کرایەوە، کە تایبەتە بە مافەکانی ئافرەتان کرایەوە.

لەسمینارەکەدا کۆمەڵێك وتار خوێندرانەوە، وتاری یەکێتی زانایان لەلایەن بەڕێز مەلا دڵشاد گەلاڵی، کە بە یاوەری بەڕێز مەلا جەلال ڕەزانی پشکداری کردبوو خوێندرایەوە.

لە وتارەکەیدا باسی لە کارەکانی یەکێتی زانایان کرد بۆ خزمەتکردن بە ئافرەتانو، ڕایگەیاند: یەکێتی زانایان بە شانازییەوە دەرگای خۆی واڵا کردۆتەوە، بۆ هاوکاریکردنی سەرجەم ڕێکخراوەکانی ئافرەتان تا بتوانن هەموو لایەك پێکەوە خزمەت بە ئافرەتان بکەنو، پتر مافەکانیان فەراهەم بکەن.

ئەوە سەرباری ئەوەی زانایانی ئایینی بە شانازییەوە لەمینبەری مزگەوتەکانەوە وەك هەمیشە خزمەت بە کێشەکانی ئافرەتان دەکەن. هەروەها دژایەتی کۆمەڵێك دابو نەریتی کۆمەڵگاش دەکەن، کە لە پێگەی ئافرەت کەم دەکاتەوە.

شایانی باسە وتارەکەی یەکێتی زانایان بووە جێی سەرنجی ئامادەبووانو زۆربەیان بڕیاریاندا لەداهاتوودا باشترین پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی زانایان ببەستن.

# شاندێکی باڵای یەکێتی زانایان بەشداری لە کۆنگرەیەکی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقیدا دەکات

لەسەر بانگهێشتی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی فیدراڵ، شاندێکی باڵای یەکێتی زانایان، کە پێکهاتبو لە بەڕێزان: مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانو، مامۆستا مەلا نەجمەدین وادیو، مامۆستا مەلا دڵشاد گەلاڵی بەشداریان کرد لەکۆنگرەی (پێکهاتە عێراقیەکان سەروەتی نیشتمانین) لەهۆڵی پێشەوا، کە وەزارەتی مافی مرۆڤ سازیدابوو، لەژێر چاودێری د.بەرهەم صالح بۆ هەموو پێکهاتەکانی عێراق.

سەرەتای کۆنگرەکە بەمارشی عێراقیو کوردستانی دەستپێیکردو، پاشان وتاری بەڕێز وەزیری مافی مرۆڤ پێشکەشکرا، دواتر سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەوتارێکدا، تیشکی خستە سەر گرنگی بەستنی ئەم جۆرە کۆنگرانەو، پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی سەرجەم پێکهاتە عێراقیو کوردستانیەکان، پاشان وتاری سەرۆکی دیوانی وەقفی مەسیحیەکانو، وتەی بەڕێز سەرۆکی دیوانی وەقفی سوننی لەلایەن دکتۆر ئەحمەد عەبدولغەفور ئەلسامەرائیو، وتەی دیوانی وەقفی شیعی لەلایەن دکتۆر عەلی ئەلخەتیب پێشکەشکرا، ئینجا دوای هەندێ چالاکی پەیمانگەی نیشتمانی دیموکراتی وتاری بەتریارکەکانی مارادی کاردینال عەمانۆئێل دلی لەلایەن مەتران شلیمۆنو، وتاری سەرۆکی صابئەکان لەلایەن مەتران ئافاكو، وتاری یەزیدیەکان لەلایەن جەلال حەسەنو، وتاری شەبەك لەلایەن عەبدولزەهرەو، وتاری تورکمانەکان لەلایەن فەیحا زەینەلعابیدینو، وتاری کوردە فەیلیەکان لەلایەن ئەزهار ڕەحیم پێشکەشکرا.

# مامۆستا جەلال خەیلانی: وەکو مورشید مامۆستایانی ئایینی خزمەتێکی باشیان کرد



دیارە ساڵانە بەمەبەستی هۆشیار کردنەوەو پێدانی ڕێنمایی ئایینی بە حاجیان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەجو عومرەی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم، لەسەر ئەرکی خۆی ژمارەیەك مامۆستای ئایینی وەك مورشید لەگەڵ کاروانی حاجیان بەشدار دەکات.

مامۆستایانی ئایینیش وەك پیشەی هەمیشەیی خزمەتی باش پێشکەش دەکەنو بەردەوام لەو سەفەرە ڕێنمایی ئایینی دەدەنە حاجیانو لە ئەركو کارەکانی حەج ڕایاندێنن.

لەو بارەوەو لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا بەڕێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان بە (پەیام)ی ڕاگەیاند: ئەمساڵ مامۆستایانی ئایینی خزمەتێکی زۆریان بە حاجیان کردووەو، بەردەوامیش هەوڵیان داوە کارو ئەرکەکانی حەج بە خوشكو برا حاجیەکان بگەیەنن.

ناوبراو گوتیشی: لە چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ برا مورشیدەکان جەختمان لەوە کردۆتەوە، کە خزمەتی زۆرتر پێشکەش بە حاجیان بکرێتو لە کارو ئەركو سوننەتەکانی حەج هۆشیاریان بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنسیقێکی باش لەنێوان مورشیدان هەیەو هەمووشیان پابەندی لێژنەی فەتوای حەجن.

مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی گوتیشی: ئێستا ئامادە باشیەکی زۆر کراوەو پشتیوان بە خوا بە سەلامەتی فەڕیزەی حەج ئەنجام دەدەینو کوردستانیش لە دوعای خێر بێ بەش ناکەین، ئومێدیش دەکەم هەمووان بە خۆشیو سەلامەتی بگەڕێینەوەو ئیشائەڵڵا خوای گەورەش حەجی حەجکاران قەبوڵ دەکات.

# یەکێتی زانایان سومعەی ڕۆژنامەکان دەپارێزێت

دوای ئەوەی یەکێتی زانایان وەك کارێکی شارستانی هەڵستا بە تۆمارکردنی سکاڵاو داواکاری یاسایی لەسەر چەند ڕۆژنامەیەك، کە بەبڕوای ئێمە سوکایەتیان کرد بوو بەسەرجەم ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، بەڵکو سەرجەم ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە ئیسلامو مەسیحیو جولەکەو ئێزدیو سابیئەو.. وەك ئەوان نووسیویانە سەرجەم ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کارەکانی یەکێتی زانایانیش دوای ئەوە هات، کە کۆمەڵێك لە مامۆستایانی ئایینیو هاوڵاتییان دەنگی ناڕەزاییان بۆ لای ئێمە هێنا.

ئێمە سکاڵا تۆمارکردن بە کارێکی شارستانی دەزانین، چونکە ئەگەر سکاڵای یاسایی قەباحەت بێت، ئەی بۆچی ئەو یاسایانەو دادگا دانراون، ئەوە با دادگا بڕیاری خۆی بدات، داخۆ کێ هەڵەیەو، کێ کاری ناسایی کردووە؟.

دوای ئەوە یەکێتی زانایان جگە لە چەند ڕوونکردنەوەیەك هیچی دیکەی لەسەر ئەو ڕۆژنامانە نەنووسی، چونکە وەك ئەرکێکی خۆی هەمیشە ڕێز لەرۆژنامەو ڕۆژنامەنووسان دەگرێتو، ناشیەوێت کەسایەتی ئەو ڕۆژنامانە لەکەدار ببێت.

بەڵام هەندێك لەو ڕۆژنامانەو، هەندێکی دیکەش کە ڕاپۆرتیان لەسەر شتەکان کردووە، هەڵستاون بەسازدانی دیمانە لەگەڵ چەند کەسایەتیەك، کە ئیسلامین یان باکگراوندێکی ئایینیان هەیە، گوایە ئەوانە دژی ئەوە بوونە، کە یەکێتی زانایان لەسەر ئەو خاڵانە داوای یاسایی تۆمار بکات.

هەر دوای بڵاوبوونەوەی ئەو دیمانانە لەڕێگەی تەلەفۆنەوە ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان پەیوەندی بە چەند کەسێك لەوانە کرد، کە دیمانەیان لەگەڵ کرابوو، ئەو دەقەی ڕۆژنامەکانی بۆ خوێندنەوە، کە بووەتە جێگەی ناڕەزایی یەکێتی زانایان، ئەوانیش لەگەڵ بیستنی ڕستەکان، زۆر تووڕە بوو، ئامادەبوون ڕوونکردنەوە بدەن، هەروەها لەسەر تیقی قسە بکەن، کە ئەو ڕۆژنامانە ئەوانیان چەواشە کردووەو، بەدیوێکی دیکە بۆیان چوونە، بۆیە ئێمە لەکاتێکدا دەمانتوانی ڕوونکردنەوەی ئەو بەڕێزانە بڵاوبکەینەوە، کە چۆن پشتیوانی لە هەنگاوەکانی یەکێتی زانایان دەکەن، بەڵام بۆ پاراستنی سومعەی ئەو ڕۆژنامانە، کە لێرەوەش دووبارە ناومان نەهێناون، ئامادە نەبووین ئەو شتە بکەین، چونکە ئێمە پێمان وایە ئەگەر ئەو ڕۆژنامانە ئەمڕۆش هەڵەیەکی گەورەیان کردووە، بەڵام دەکرێ لە ئایندەدا بە ئەقلیەتێکی وشیاتر کار بکەن.

لێرەوە داوا لەو ڕۆژنامە بەڕێزانە دەکەین، بۆ پاراستنی کەسایەتی ئەو بەڕێزانەی دیمانەیان لەگەڵ دەکەن، هەروەها بۆ پاراستنی کاری پیشەیی ڕۆژنامەنووسی، تکایە یەکەمجار ئەو دەقانەیان بۆ بخوێننەوە، کە بووتە جێگەی ناڕەزایی یەکێتی زانایان، دوای ئەوەی دەقەکەتان بۆ خوێندنەوە وەکو خۆی، ئینجا لێیان بپرسن: ئایا یەکێتی زانایان کارێکی باشی کردووە، کە ناڕازی بووەو، داوای یاسایی تۆمار کردووە یان نا؟.

خاڵێکی دیکەش زۆر جێی سەرنجی ئێمە بوو، کە بریتییە لەوەی، هەر کاتێك حزبێك لە حزبەکانی کوردستان بە هەر ڕۆژنامەیەك بڵێت: ئەو ڕۆژنامەیە یان ئەو گۆڤارە دەستێکی لەپشتە، یەکسەر لێی دەکەنە هەڵاو، دەڵێن: ئەوانە بە ئەقلیەتی موئامەرە دەژین، بۆیە دەپرسین: چ جیاوازی هەیە لەوەی حزبێك یەکسەر موئامەرە بوون بداتە پاڵ ڕۆژنامەیەك، لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەیەك بەبێ هیچ پێشەکیەك موئامەرە بوون بداتە پاڵ هەنگاوێکی ڕێکخراوێك.

لێرەوە جارێکی دیکە دووپاتی دەکەینەوە، یەکێتی زانایان وەك هەنگاوێکی شارستانیو مەدەنیانە هەڵستاوە بە بەرزکردنەوەی داوای یاسایی تۆمەتیش نادەینە پاڵ هیچ کەسێك، دادگاش هەر بڕیارێك بدات پێیەوە پابەند دەبین.

# یەکێتی زانایان سەردانی مامۆستایانی ئەیلول دەکات




ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٣ سەرۆكو چەند ئەندامێکی یەکێتی زانایان سەردانی مامۆستایانی ئەیلولیان کرد.

بەبۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەی مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلولو، هەڵبژاردنی ستافی نوێی ڕێکخراوەکەیان سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ساوەری چەند مامۆستایەك سەردانی مامۆستایانی ئەیلولی کردو، پیرۆزبایی تەواوبوونی کۆنگرەیان لێکردنو، پشتگیریو پشتیوانی خۆشیان دەربڕی بۆ بەستنی باشترین پەیوەندیو هەموو هەماهەنگیو هاوکاریەکی بەردەوام.

# بەبۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە، یەکێتی زانایان پیرۆزبایی بۆ کۆمەڵێك لایەنو کەسایەتی دەرەوە دەنێرێت

بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندیەکی بەهێز لەگەڵ جیهانی ئیسلامیو، دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ زۆرترین کەسایەتی جیهانی ئیسلامیو، بە بۆنەی هاتنی جەژنی قوربانی پیرۆز، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان پیرۆزباییینامەیەك ئاراستەی کۆمەڵێك زانای ناوداری جیهانی ئیسلامی دەکاتو، جەژنەپیرۆزەیان لێ دەکات، وە لە تێکڕای نامەکان هاتووە: کە ئەم جەژنە ببێتە دەرفەتێك بۆ زیاتر لێك نزیك بوونەوەیان لە گەلی کوردستان.

هەندێك لەو لایەنانە بریتین لە:

- د. عەلی بەرداق ئۆغلۆ- سەرۆکی کاروباری ئاینی لە تورکیا
- د. ئەحمەد حەسسون- موفتی گشتی تورکیا
- حوسێن موحەممەد حەلاوە- ئەمینداری گشتی فەتواو توێژینەوەی ئەوروپا
- د. موحەممەد عەمارە- میسر
- عەلائەددین قەسیر- سوریا
- د. ئیبراهیم سەلقینی- موفتی حەلەب، سوریا
- موعەممەر زوکورتش- سەرۆکی مەشیەخەی ئیسلامی لە سربیا
- راشید بن عوسمان بن ئەحمەد ئەلزەهرانی
- فەیسەڵ ئەلمەولەوی
- سەلمان بن فەهد ئەلعۆدە
- عەبدولموحسن بن ناسر ئەلعەبیکان
- د. فالح بن موحەممەد ئەلسەغیر
- مازن ئەلفەریح
- موحەممەد ئەلدویش
- عوسمان ئەلخەمیس
- سولێمان بن ناسر ئەلعەلوان
- د. یوسف ئەلقەرەزاوی
- عائیز ئەلقەرەنی
- د. تاریق سوێدان
- د. موحەممەد ڕەمەزان ئەلبوتی
- د. موحەممەد ڕاتب ئەلنابلسی

بۆ ل١١